# لەرۆژی جەژنی منداڵاندا منداڵێکی تەمەن16سالان بەهۆی کرێکاریەوە گیانی لەدەست دەدات

دلشاد کاوانی

شەقلاوە

Dkawaniy1@yahoo.com

سەرلەئێوارەی کاتژمێر 4ئێوارە رۆژی هەینی بەرواری 1\6\2006هاوکات لەگەڵ جەژنی جیهانی منداڵان لەشارۆچکەی شەقلاوە منداڵێکی کرێکار کەتەمەنی 16ساڵانە بەناوی (محمد تاهیریاسین)خوێندکاری پۆلی چوارەمی ئامادەیی دەنگارەی کوران،لەکاتی کارکردنیدا لەسەردیواری ئەوباڵەخانەیە کەکرێکاری تێدادەکات ،دەکەوێتەخوارەوەٍ لەئەنجامدا دەمەودەست گیانی لەدەست دا. لەگەڵ ئەوەی لەم رۆژە پیرۆزەدا منداڵان لەخۆشی وشادیدان کەچی محمدتاهیری جوانەمەرگ کەکوری پیاوێکی هەژارە و باوکی پەکەوتەی شەری نێوان ئیران وعیراقە چاوێك ودەستێکی لەدەست داوە بۆیە ناچاربووە محمدی کورە تاقانەکەی بۆکرێکاری رەوانبکات. شایانی ووتنە بەپێی ووتەی ئەوکرێکارانەی کە لەگەڵێدا کاریان کردووە،هۆکاری کەوتنەخوارەوەی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە لەلایەن هاوپۆلێکی مزگێنی سەرکەوتنی لەوانەکانی خوێندنی کۆتایی ئەم ساڵی پێراگەێنراوە.بەپێی سەرچاوێك لەنەخۆشخانەی شەقلاوەئەو شوێنەی کەلێی کەوتۆتەخوارەوە تەنیامەترونیووێك بەرزبووە بەلاَم هۆکاری مردنەکە بۆ پرژانی مێشك گەراندەوە.